# گروپە تێرۆریستەکان ...... درەندەیەکی مۆدێرنن



بارزان شوان
uvnbas@hotmail.com

هەر هەموومان بە بیرمان دێتەوە چلۆن خەڵکان دڵخۆشبوون بە وەی کە گروهی I.R.A ی ئایرلەندی دەستبەرداری شەڕو شۆڕی چەکداری لە بەریتانیادا کرد و خواحافیزی تا هەتاییان لێکرد، شادی و خۆشەویستی لە و وولاتەدا دووبارە هاتە ئاراو مەیدانەوە، بە دوای ئەوەدا میللەت بۆخۆی بڕیاری دا کە لە گەڵ گەلانی دیکەی دراوسێیاندا بە ئاشتی بژین ، ئەوەی پرۆتستانتە، با ئازادانە بۆخۆی پەیڕەوی سروودە نووسراوە ئاینیەکانیانی سەر بە خۆیان بکەن، هەرچی کاتۆلیکیشە بە بێ هیچ بەربەستێک بکارێت سەربەستانە پەرستی ئۆلەکەی خۆی بکات . تۆ بڵێیت ڕۆژێک ئەو بۆچوونە لە عێراقیشدا ببێت بە یاسایەکی داڕێژکراو ، کە بۆخۆی واتە ئەو ئازادی بیروڕادەربڕینە بۆ نەمانی تێرۆر دەبێت بە کارگەرێکی سەرەکی . بەڵێ بێگومان ئەوەش هەر وەک جلوبەرگێکی مۆدەو ترێند وایە، کە لە هەر وەرزێکی ساڵانەدا ماوەی پۆشینی بە سەر دەچێت.
خۆتان بە بیرتان دێتەوە کە لە ساڵانی 70ی سەدەی بیستەمدا، باو باوی فڕاندنی فڕۆکەو باڵەفڕە بوو، هەر کەسێک لە هەر گەشتو گوزارو سەفەرێکدا بە پێی بیویست ڕێگەی خۆی بەرەو ئەو وولاتەی مەبەستیەتی دەگۆڕی ، ئەو کارەشی بێگومان بە هەڕەشەی یەکسەری سەر خەلەبانی فڕۆکەکە بە ئەنجام دەگەیاند . یەکسەر دەچوە سەر کاپتینی تەیارەکەو فەرمانی پێدەکرد کە بۆ ئەو شوێنەی بە خۆی بە مەرامیەتی بفڕێنێت، زۆر جار تێرۆریستەکان فڕۆکەیان دەفڕاند بەرەو کوبا کەچی بە خۆی تەیارەکە بە نیاز بەرەوکەناری هاوای دەفڕی. ئەم بەد ڕەفتاریە هەر لە پڕێکدا بوو بە باوێکی شەرم و وەک بەفر توایەوە و باوی نەما. وەک چلۆن ئەوکاتە باوی زولف درێژی و پۆشینی پانتۆڵی شارلستۆن بوو ئێستاکێ هەر عەیبیشە لە بەری بکەیت.

تۆ بڵێیت ئەلقاعیدەو زەرقاوی وەک ئەوان لە پڕا نەمێنن و باوی خۆتەقینەوەش ببێت بە عەیبە و شەرمە؟
بێگومان ئایندەی ئەوانیش هەر بەو ئەنجامە دەگات و نامێنن، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەموو موسوڵمانان وەک ڕەوت وعادەت هەڵناسن جانتاکانیان پڕکەن لە باروودو تەقەمەنی و خەڵکانی بێ تاوانی پێ بکوژن، هەر بۆ ئەوەی خۆیان یەکسەر بگەنە ئەو بەهەشتە خەیاڵیەی مەلا زۆرزانەکانیان پلانیان بۆ کێشاوە، کە گوایە پاداشیان لەو دونیا ئەوەیە کە 72 حۆری لە ئامێز دەکەن وژیانێکی پڕ لە ئاسوودەی هەتا سەر بە سەردەبەن.
خۆ تەقینەوە بابەتێکی زۆر تازەنیە و بزووتنەوەیەکی پلان بۆ ڕاکێشراوە، لە ساڵانی شەستدا سەربازە ڤێتنامیەکان بە گژ کۆماندۆ ئامریکایەکاندا خۆیان بەخت دەکرد، دواتریش لە نێو فەڵەستینیەکاندا هاتنە کایەوە، بۆ یەکەم جار ئەم گروپە خۆکوژانەمان لەووڵاتانی خۆو دراوسێماندا لە جەنگی ئێرانی و عێراقی ساڵی 1982 دا بە دی دەکرد، کاتێک دەماندیت چلۆن ئەو منداڵە گەنجانە وەک سارووخ بە گیان سەربازە هێرشکەرە عێراقیەکاندا خۆیان بە قوربانی دەکرد و دەتەقینەوەو هەپروون بە هەپروون دەبوون. بە یەک بوونی هێزی میللەتان دەتوانرێت ئەو گروپە توند ڕەوانە ڕەگکێش و بنبڕبکرێن ، نموونەش بۆ نەمانی ئەم لایەنە نامرۆڤانە گرۆپی  بادە/ئالهۆلفی ئەلمانیە کە بۆ ماوەی 10ساڵان شەڕی خوێناویان لەو دەوڵەتەدا بەرپا دەکرد.
گریللا سەر بە ماویەکان لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا بە ناوی سەندەرۆ ئەلمینۆسۆ هەتا ئەو ڕۆژەی سەرکردەکەیان گیرا، خەڵکان و جووتیارانیان لە ئاندۆرا دا بە کوشتن وتێرۆر دەگەیاندن، ، بە دوای ئەوە، ئەو گروپەش هەر وەک ئەوانی دی خنکێنران.
خۆکوژەکان وەک پانتۆڵی کاوبۆی لە شیوەی پیتی( ڤ ) وەندە دەبن، القاعیدەش هەروەها ئایندەی وەک بریگاتە رۆسێی ئیتالی لێ دێت. من ناڵێم کەی کۆتایی پێ دێت چونکی تۆ ببینە I.R.A ی ئیرلەندی 36 ساڵی خایاند تا وەکو گەیشتنە ئەو بڕیارەی بتوانن بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن، کە کارە بە کۆ کوژەکانیان بووبە قوربانی زیاتر لە 3500 مرۆڤی بێتاوان. کاتێک ئەورۆ  بۆ ئیرلەندا دەڕۆیت، بە ئاشکرا بۆت دەردەکەوێت کە ئەو دورگە سەوزە دەها جار سەوزتر  لە جاران بوە وە یەک گرتنەوەیان لە گەڵ دەستەڵاتی بەریتانیدا بووە بە هۆی خۆشگوزەرانی خەڵکانی دەڤەرەکە.
ئەو ووڵاتە لە گەلێک ڕووانگەدا گۆڕدراوە، جاران دەماندیت چلۆن کاتۆلیکەکان دەستەڵاتیان دەڕۆیشت، قەشە کانیان وەک مەلا تالیبانەکانی ئەڤغانستان لە گەل ئافرەتاندا بە دوای ڕابواردندا دەگەڕان، ئەوان ببون بە درووست بووی سیمبۆلی سێکس لەو ووڵاتانەدا، منداڵ لە بار چوون قەدەغە بوو. حەب و لاستیک و ئامێرە دژ

بە سک پڕبوونی ژنان دەبوایە بە دزیەوە بەرەو ئەو وڵاتانەت ببردایە. ئافرەتانی بێ مێرد دووچاری گرفتی شەڕپێفرۆشتنی پیاوان دەبوون و بە گشتی ژێر دەستەیان بوون، گەلێکیان بە منداڵێکی کۆرپە بە باوەشەوە لە سەر شەقام و گۆڕەپانەکانی شاری دەبلین دا لە هەژاریدا سواڵیان دەکرد، خۆ راهیبەکانیشیان وەک بەروبووم وابوون، بۆ گرتنی قازانجی ئابووری وەک داهاتوویەک وابوون و بەرەو دەرەوی وڵات دەنێردران.

لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی دواییەدا دەبینین چلۆن ئەو وڵاتە لە گشت بوارێکدا بازی داوەو پێش کەوتوە، ئەویش هەر بە بۆنەی بوونی کۆمپانیا کۆمپیوتەرەکانی ئامریکاییەوەیە ، وە هەروەها وڵاتانی یەکگرتووی ئەورووپی بە هەموو شێوەیەک کۆمەکیان دەکەن. ئەورۆ دەبینین چلۆن هەموو وڵاتە ئاوروپییەکان لە ژێر دەستەڵاتی دینی کلێسەکان خۆیان ڕزگار کردوە و بەرووبوومیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، ئەوێش هەر لەبەر ئەوەی کە لەو وڵاتانە دین و دەوڵەت دوو بۆچوونی جودان و پەیوەندیان بە دەستەڵاتەوە نیە.

ئەو گۆڕانکاریە مەزنانەی کە ڕۆژانە لە پەرەسەندندایە و بڵاو بوونەوەی خوێندەواری و زۆر بوونی ڕۆشنبیران لە گشت جیهاندا، ئەو بۆچوونە پڕووپوچانەی کە مێشکی تازە گەشەبووی منداڵانی کوردیان پێ پڕ کراونەتەوە، بەرە بەرە لە کەمبوونەوەدان و دژایەتیان دەکرێن و نامێنێت.

دوا ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تەنها لە شاری لەندەندا دەڵێن کە ئەوان لە گرفتە سەرەکیەکانی تێرۆریستان دەگەن ئەورۆ گەیشتۆتە 32% .

ئەگەر بێت و وورد بینەوە لەو ڕێژانە دەبینین کە ڕێژەی تێگەیشتنی پیاوان بۆ کارە تێرۆریستەکان زیاترە لە ژنان. ژنانی موسوڵمانان دەیانەوێت وەک ژنانی ئاوروپی بژین، وەک ئەوان بیر کەنەوە، وەک ئەوان جلو بەرگ بپۆشن، وەک ئەوان موکیاج بکەن، وەک ئەوان توانای ڕەدکردنەوەی بۆچوونە تەسکەکانی پیاوانیان هەبێت، وەک ئەوان بڕۆن بۆ قوتابخانەکان، وەک ئەوانیش خۆفێرکەن و فێری ڕێشمای کارو پیشە بن. نایانەوێت چی تر چەوساوەی ژێر دەستی باب و براو ئامۆزاو بیری کۆنی کۆمەڵ بن. دەیانەوێت لە ژێر چنگی مەلاکان خۆیان قورتاربکەن. لە قاوەخانەکانی شاری دەبلین دا ئەورۆ باس باسی خۆشی و سەماو تیاترۆیە، دوور نیە تۆش ئێستا بڕۆیت بۆ ئەوێ لێت بپرسن ئایا تۆ کاتۆلیکی، بێ دینیت یاخود ئیسلامیت؟

ئەوەی دەربارەی ئاین و دین بێت ئەورۆ لەو وڵاتەدا ناوترێت چونکە بوە بە ترێندێکی کۆن باو و بەرێیان کردوەو خواحافیزیان لێکردوە.

پێش ماوەیەک لە کوردوستانیشدا نەریتێکی نارەوا لە نێو هەندێک تاک و چینە کۆمەڵایەتیەکاندا بەرپا ببون و پێیان دەوتن نەتەوە فرۆش یاخود جاش ، شۆڤێنی عارەبی ئەم گروپانەی درووست کردبوون، بۆ بە کار بردنیان وەک ئامێرێکی شەڕ،

بە گژکردنیان بوو دژ بە پارت و بزووتنەوە رزگاریخوازە کوردوستانیەکان. ئەم جاشانەش گەلێک کاری ناڕەوایان دژ بە خەڵکی سیڤیلی کورد بە جێ هێنا، وەک کوشتنی ئەندامە سەر بە پارتە کوردەکان و خەبەردانی جێ و شوێنی پێشمەرگە بوون بە دوژمن و دەستدرێژی کردنیان بۆ سەر ژنان وکچان و ڕاوی گەلێک مرۆی بێ تاوانی کوردیان کرد.

بە دووری مەزانە کە نەوەکانمان لە وولاتانی ئێمەشدا ڕۆژێک لە ڕۆژان پێکەنینیان بە شێوەی بیرکردنەوەو بۆچوونی بیروڕاکانمان بێت و گاڵتەو گەپی ڕۆژانەیان بە سەر دەرد و بەختی ڕەشی ئەوڕۆی ئێمەدا بە سەر ببەن.